# ناوەند و کەنار

پێم خۆشبوو لەسەر ناوەڕۆکی نوسینە کورتو پڕ ماناکەی بەڕێز کاك ئازاد جندیانی (ناوەندو کەنار)کە لەژمارە دووی کوێستانی ئازیز، بەم نووسینە کورتە بەشداری بکەم، دیارە کاك ئازادیش وەك خۆی گووتەنی زیاتر مەبەستی لە کورتە نووسینەکەی ئەوە بووە، ئەم بابەتە زیاتر ببێتە جێی باسو قوڵترو هەمەلایەنەتر لەسەری بنووسرێت.

من پێم وایە بۆ ئەوانەی کە کەنارن یان بەرکەنارکراون ئەو باباتە جێی بایەخو لەسەر دووانە. ئێمەی دەڤەری سۆرانیش کە لەشەقڵاوە تاکو حاجی ئۆمەران ئەگەڕێتەوە، گیرۆدەی مەسەلەی ناوەندو کەنارین، وەك کاك ئازاد جندیانی باسی کردوە، مەسەلەی ناوەندو کەنار مەسەلەیەکی نیسبیەو شوێنێك بۆ هەندێ شوێن ناوەندەو لەهەمان کات بۆ هەندێ شوێن کەنارە. من وای ئەبینم هەندێ شوێن لەهەندێك رووەوە ناوەندنو لەهەمان کات لەهەندێ رووی



مستەفا سەکری

ترکەنارن، ئەگونجێت شوێنێك لەرووی ئابووریەوە ناوەند بێت، بەڵام لەرووی فەرهەنگیەوە کەناربێت، یان شوێنیك لەرووی ئیداریەوە ناوەند بێت، بەڵام لەرووی بازاڕەوە کەناربێت یان بەپێچەوانەوە، یان ئەکرێت شوێنیك لەرووی ئیداریو بازاڕەوە ناوەندبێت، بەڵام لەرووی هەستی نەتەوایەتیو شۆڕشگێری لەشۆڕشو خەباتو قوربانیدان کەناربێت، یان بەپێچەوانەوە، جێگای خۆیەتی هەر شوێنێك لەچ بوارێك ناوەند بێت، لەو بوارە گرنگی بێ بدرێت بەئەندازەی ئەوەی کەناوەندی ئەو بوارەیە، نەك ناوەندو کەنارەکان تێکەڵاو بکرێنو هەموو ئیمتیازاتەکان هەر بۆ ناوەندی خاوەن چڕی دانیشتوان بێتو هەموو بوارەکانی تریش فەرامۆشی بکەینو پێت دەوێرم، پێم ناوێری جێبەجێ بکرێت...

سۆران سەرەڕای ئەوەی لەرووی جیوپۆلەتێکەوە گرنگی زۆری هەیەو چڕی دانیشتوانیشی مام ناوەندیە، وە لەڕووی فەرهەنگیو رۆشنبیریشەوە، رابردوێکی دیاری هەیە. سەرەڕای ئەمانە مێژووێکی دوورو پرشنگداری هەیە، لەوەی کەناوەندی دەسەلاّتو میرنشینەکان بووە، چەقو ناوەندی ئەو هەستە نەتەوایەتیو شۆڕشگێریە گەورەیە بووە، کەتوانی هەڵچەقێتەوەو سەربەخۆبێت لەبەرامبەر دەسەلاّتی ئەو عوسمانیە دەسەلاّتدارنەی کەتوانیان دەست بەسەر هەموو نیشتمانی عەرەبیو کوردستانیشدا بگرنو شارە گەورەکانی وەك هەولێرو کەرکوکیش نەك هەر بێدەنگ بکەن، بەڵکو گۆڕانکاری لە دانیشتوانیشەوە بکەن. وە لەشۆڕشو هەستانەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە، ئەتوانین بڵێین رۆڵی ناوەندی بینیوە، بەتایبەت لەشۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، هەم لەبواری وشیاری شۆڕشگێڕیو هەم لەبواری بەشداریکردن لەشۆڕشو قوربانیدان، هیچ کاتێك کەناری هیچ ناوەندێك نەبووە. بۆیە رەوایەو جێگای خۆیەتی لەو کاتەی کەداری ئازادی ئاودراوە بەخوێنی شەهیدان بەریگرتووەو گەلەکەمان لەسایەی تێکۆشەرانی دەڤەری سۆرانو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان هەناسەی ئازادی هەڵئەمژێت، حەقە دەسەلاّتە حزبیو حکومیەکانیش وەفادارین بۆ دەڤەری سۆران. ئەگەر بەقەد باڵای خەباتو تێکۆشانەکەشیان نەبێت، هەندێك زیاتر لەمەی ئێستا پێیان رەواببینینو با چیتر بەکەنار سەیر نەکرێین، چونکە ناوەندی خەباتو تێکۆشانو خۆڕاگریو شۆڕش بووینو بێگومان هەموو دەسکەوتە حزبیو حکومیەکانیشمان ئەنجامی شۆڕشو خەباتو قوربانی دانە.